# ناوی زل و دێی وێران

هەلەبجەی 16-3

فاتمە عومەر ڕێشاوی
هۆلەندا
20 –3 2007

ئەمسال ئاواتە خواز بووم کە قوتابیان و خوێندکاران و لاوان و هونەرمەندان و خەلکی هەلەبجە لە یادی 16-3 کیمیابارانی هەلەبجەدا لە داخی ئەم دەسەلاتە کوردیە مانبگرن و هیچ چالاکیەک نەکەن. تا برینی زیندوەکان بۆ نۆزدەهەمین جار دیسانەوە نەکولێننەوە. چونکە هەلەبجەییەکان خۆیان دەلێن توخوا بەسە ئەم هەموو وێنە گرتن و کۆڕی ماتەمین و شین و واوەیلایە و بەیت و بالۆرەیە بۆ پێهەلدان و باسی خۆڕاگری و شکۆمەندی و شۆڕشگێڕی هەلەبجە. با چیدی لەوە زیاتر نەبینە هۆی ئەوەی بە ناوی ئێمە و مەرگەساتی ئێمەوە پارە و پول بڕژێتە کۆمەلێک گرفانەوە یان هەندێک ببنە پالەوانی ڕێگەی ڕزگاریخوازی کوردان .

ئەوە تەمەنی ئەزمونە ساواکەی دەسەلاتی کوردی بووە شانزە سال و هێشتا ئاورێکی لێبڕاوانە لە هەلەبجە نەدراوەتەوە. هێشتا کۆلانەکان وێرانن و پرۆژەکان دەخرێنە گەڕو لە ناکاودا بە نیوەناچلی وئاو ئاوەڕۆکان بە هەلکەنراوی بەجێدەهێلرێن .

منالان باخچەیەکیان نیە کاتی تێدا بەسەر بەرن. خەستەخانە و قوتابخانەکان هەروا ڕەشوڕوتن و سیمای ژینگە و کانی و ئاوی هەلەبجە لە سیمای ئەو ژنە ڕەشپۆشانە دەچێ کە ڕۆژی 16 – 3 –88 بە دوای منال و ئازیزانیاندا وێل و سەرگەردان بوون.

دیسانەوە چرا هەلکرا و گۆرانی و لاوانەوە و باسی شکۆمەندی و شەهامەتی و خۆ ڕاگری خەلکی هەلەبجە لەسەر –مەزاری ڕازاوە– بە گوێی قوربانیاندا درا. بۆ ئەوەی ئەمانە هەمووی بکرێ بە ڕیپۆرتاژ و کەنالەکانی پێ برازێنرێتەوە و پەیامی ئەوە بە گوێی هەژارانی هەلەبجەدا بدەن کە ئێوە هەموو ڕۆژێ شوکرانە بژێری خوا بن باسی بێ کارەبایی و بێ سوتەمەنی و گرانی بازاڕ مەکەن .

تا ئێستەش کێشەی ڕاستەقینەی هەلەبجە لە نێوەند دەسەلاتێکی کوردی و پەرلەمانی کوردی و چەندین وەزارەتی کوردی و یەک دنیا پارت و ڕێکخراودا وون بوە هەر ڕۆژانە چەندین بەلێن ڕیز دەکرێن و چەندین ملیۆن دۆلار و دینار _ بە ناوی هەلەبجەوە دەخرێنە لاوە و کەچی شتێک کە پێی بوترێ گۆڕانی جدی و بەرجەستە لەو شارەدا نابینرێ, تەنها مۆنەمێنتەکە و مەزارەکەنەبێ کە ئەویش سوتێنرا.

ناکرێ بوترێ هیچ شتێک بۆ هەلەبجە نەکراوە بەلام هەرچی کرا بێ بەرنامەبوە و گەندەلیش سەری مایەی خواردوە. شارێک ئەو کارەساتەی بەسەر هاتبێ و ئێستەش بەو حالە تەوە کە دەبینین, چی لە ووتاری ئێمەمانان و شیعری شاعیران و دەنگی بەسۆزیان بکات. دیارە نوسەر و شاعیر هەر دەتوانن بابەتێک یان هۆنراوەیەک بنوسن, بەلام هەزاران ووتار و پارچە شیعر و هۆنراوەش ناتوانێ زەڕەیەک هیوا و سەبوری بخاتە دلی کەسێک تەندروستی و باری دەرونی لەو ڕۆژە شومەدا زەرەرمەند بون و هەتا ماوە پێوەی دەنالێ. هەمو هۆنراوەی جیهان نابنە جۆلانیەک بۆ منالێک کە لەگەل شنەی بایەکی پاک و خاوێندا و لە چیمەنێکی سەوزدا, دیلانێی پێ بکات.

لێرەدا بۆ پالپشتی ئەم بۆچونەم چەند سەرنجێک کە لە چاوپیاخشاندنێکدا لە ڕۆژنامە و هەفتەنامەکانی میدیای کوردستاندا لە بۆنەی 16 –3 دا لام دروست بوو, دەخەمە ڕوو. لەوانە:

* ڕێکخراوی چاک پێشنیاری ئەوە دەکات ( با پێکەوە لەم ڕۆژەدا داوا لە حکومەتی عێراقی بکەین کە بە فەرمی داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکات). ڕخنەی من لێرەدا بۆ ڕێکخراوی چاک ئەوەیە ئەی بۆ پێش

ئەوە  پێکەوە داوا لە حکومەت و دەسەلاتی کوردی نەکەین کە داوای لێبوردن لە خەلکی هەلەبجە بکات کە شانزە سالە هەموو سالێک دەبنەوە بە قوربانی. جگە لەوەش داوای لێبوردن لە حکومەتێک بکەین کە سەرکۆمارەکەی کوردە؟ ئەمە چەنی بەچەندە؟

* ووتاری عاتفی و  مجامە کۆرە ماتەمینیەکان لە وولاتانی دەرەوە چی بۆ هەلەبجە دەکات ؟ . بۆ نمونە لە سوید لە لایەن هەلەبجەییەکانەوەو کۆرێک  گیراوە ووتار ێک خوێنراوەتەوە تێیدا هاتوە(( کەئەمسالمان جیاوازترە لە سالانی پار سەبوریمان زیاترە و کەمێک ئارامترین بەوەی  بە ئیمزای هەلەبجەیێک بریاری لە سێدارەدنی سەددامی خوێن مژ  درا  ......... یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە .... و هاودەنگی ویەک هەلوێستی بۆ ئێمەی کەسوکاری هەلەبجە مایەی سەبوریە. زیاتر ئێمەی هەلەبجەیی بەوە سەبوریمان دێت کە کەسانی بە هەلوێست و ویژدانی کورد لەسەرەتاپای ئەم دنیایەدا زۆرن و خۆیان بە خاوەنی هەلەبدە دەزانن. )) .رەخنەی من لەم ووتە دلسۆزانەیە ئەوەیە دیارە ئێمە ئەگەر لە  بەحبوحەی ئەوروپادا بژین دەکرێ زوو سەبوریمان بۆ بێ, بەلام با لە خەلکی  دانیشتوی هەلەبجە بپرسین ئایا ئەوانیش لەو بێ کارەبایی و بێ خزمەتگوزاریەدا سەبوریان بۆ هاتوە. ئەی کەی لە سێدارەدانی سەددام دەسکەوت بوو بۆ کورد ؟!! یان یەکگرتنەوەی دوو ئیدارە بۆ ئیدارەیەکی گەندەل دەبێ چ مانا و بایەخێکی هەبێ ؟ دکە لەوەش خۆزگە ئەو کەسە بە هەلوێست و ویژدانانەی کورد ئەوەندە زۆر نەبونایە و بەلام شتێکی جددیان بۆ هەلەبجە بکردایە. یان خەلەبجە لەبەر ئەوەی خاوەنی زۆرە ئەمە حالیەتی.
* هەندێکی تر پێان وایە با شەهیدانی هەلەبجە لە گۆرەکانیاندا  ئارام بن و دلشاد بن  کەئەو زولمەی لێیانکراوە  بوە هەوێنی  راپەرین و سەرفرازی نەتەوەکەمان ئەوەتا سەرۆکی کوردستان لە وولاتان فەرشی سوری بۆ رادەخرێ و سەرکۆماری عێراق کوردە و توانا و دیبلۆماسیەتی بەسەر عێراقدا پەخش دەکات. باشە خەلکی زیندووی بێ خزمەتگوزاری و قوربانی دەستی نادادی کۆمەلایەتی و نەبوونی خزمەتگوزاری چی لە ئارام بون و دلشاد بونی شەهیدان بکەن ؟!!یان چی لە فەرشی سوور و دیبلۆماسیەت بکات.
* سەرنج و رەخنەی کۆتایی ئەم بابەتەم پرۆژەی زانکۆی هەلەبجە دەگرێتەوە کە رێکخراوی رابیتەی ئیسلامی بە نیاز بوە پێی هەستێ , بەلام لەبەر چەند هۆکارێک, بە ئەنجام نەگەشتوە. ئەوەی کە بە ویژدانەوە دەبێ بوترێ ئەوەیە کە رێکخراوی ناوبراو رۆلی خۆی وەک پێویست لە کوردستاندا بینیەوە و کاری هیچ رێکخرا و کەسێکیش  بێ کەموکوری نابێ. بەلام سەرنجی من لەوەدایە ئایا هەلەبجە دەبێ کارێکی بۆ بکرێ کە  ببێتە هۆی ؟ بارگرانکردنی ئابوری ؟!. یان کارێکی بۆ بکرێ کە ببێتە هۆی بوژانەوەی ئابوری . چونکە هەموو دەزانین زانکۆ   تێچونی دەوێ , بەلام بۆ نمونە پرۆژەی کشتوکالی با تێچونی بوێ بەلام لە ئەنجامدا, بەرهەم دێنێ.  جگە لەوە من تێناگەم چۆن مرۆڤ لە نێوەند ئەو هەموو کەموکریانەی لە هەلەبجەدان حەواسی ئەوەی هەیە کە بیر لە زانکۆ یان کۆلیژ بکاتەوە. هەرچەند ئەو پرۆژەیە سەری نەگرتوە, بەلام بە بۆچونی من کردنەوەی زانکۆ نەک هەر لە هەلەبجە بەلکو  لە شارەکانی تریشدا ئەولەویەتی کارەکانی ئەم چەند سالەی کوردستان نیە و دەچێتە لیستی (الزائد کالنقصان)ەوە.* ئەگەر بواری کشتوکال و خزمەتگوزاریەکان تا ئیستە پەرەپێبدرایە, ئەلبەت ئێستە بیرکردنەوە لە کردنەوەی زانکۆ کارێکی گونجاو دەبوو. لەکۆتاییدا هیوادارم ئەم رەخنەیە بە حسن الظن لێوەرگرن . چونکە مرۆڤ کاتێ رەخنەی لێدەگیرێ دیارەکاری کردوە بۆیە رەخنەشی لێگیراوە. جگە لەوەش بەراستی لە 16 –3  کە سەیری کەنالە ئاسمانیەکان دەکەم و هەلەبجەش دێنمە بەرچاوی خۆم, لە تاو ئازاری ویژدانم دەمم لال دەبێ و خامەم وشک دەکات. تەنها دەسەلاتم ئەوەیە  کە چەند دێرێک لە رەخنە و گلەیی بهۆنمەوە.

-----------------------------------------------------------------------------------------------

www.kurdistannet.org

/www.kurdiu.org        هەفتەنامەی یەکگرتووی ژمارە 630

(الزائد کالنقصان)ەوە. بابەتێکی خۆمە لە هەفتەنامەی یەکگرتوو- ژمارە 629 و 630 دایە*